هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوسینگەی ئە نجومەن
بەڕێـوەبـەرایـەتی کـاروبـاری دادوەران

Judicial Council

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
المديرية العامة لمكتب المجلس
مديرية شؤون القضاة

ژمارە : ١ / ٧١
ڕێکەوت : ١١ / گەلاوێژ / ٢٧١٣ کوردی

Date: ٢٠١٣ / ٩ / ٢

بۆ / سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك / گەرمیان

**ب / ناردنی بڕیار**

بەهاوپێچ بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٥٨) لە ٢٠١٣/٨/٢٧ تان بۆ دەنێرین کە تایبەت بە ڕێنمایی بۆ ئاسان کردنی جیٚ بە جیٚ کردنی یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠١٣ ( یاسای بەرپرسیارنەبوونی بەشداربووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان / عیراق لە ڕووی سزایی و شارستانی ) بۆ ئاگاداریتان و بلاٚوکردنەوەی بەسەر گشت دادگاکانی سەر بە ناوچەکانتان بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی .... لەگەڵ ڕێزدا .

أحمد عبدالله زبير
سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری

**وێنەیەك بۆ /**

- وەزارەتی داد – بەڕێوەبەرایەتی وقائعی کوردستان / بۆ بلاٚوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان .... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان / .... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرپەرشتیاری دادوەری لە هەولێر / سلێمانی / .... لەگەڵ ڕێزدا . .
- دەستەی ڕاوێژکاری لە دیوانی ئەنجومەنی دادوەری .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەنجومەنی دادوەری .
- بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن / بۆ بلاٚوکردنەوەی لە سایتی ئەنجومەنی دادوەری .... لەگەڵ ڕێزدا .
- دۆسیەی تایبەت .
- دۆسیەی نووسراوە دەرچووەکان .
- دۆسیەی خولاو .

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء

Judicial Council

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری

Date: ٢٠١٣ / ٨ / ٢٧

ژمارە : ٥٨

## - قرار -

استناداً لحكم المادة ( ٤ ) من قانون عدم لمسؤولية المساهم في الحركة التحريرية لشعب كوردستان – العراق جزائياً و مدنياً رقم ١٣ لسنة ٢٠١٣ . قرر مجلس قضاء اقليم كوردستان بالاجماع اصدار التعليمات التالية .

## - تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام القانون رقم ١٣ لسنة ٢٠١٣ -

**المادة/١** : عند تقديم الشكوى الى محاكم التحقيق على من ارتكب فعلاً مخالفاً للقانون أو اقام دعوى لدى المحاكم المدنية بنتيجة العنف الثورى جراء الحركة التحريرية الكوردستانية او بسببها ضد انظمة الحكم العراقية المتعاقبة والمتعاونين معها دفاعاً عن شعب وارض كوردستان للفترة من ١٩٦١/٩/١١ ولغاية ١٩٩٢/٧/٤ على المحكمة مفاتحة وزارة شؤون البيشمركه لبيان فيما اذا كانت القضية المرفوعة او الدعوى المقامة مشمولة باحكام المادة (١) من القانون من عدمه قبل اتخاذ الاجراءات القانونية .

**المادة/٢** : عند ورود الجواب من الوزارة المذكورة المقترنه بموافقة مجلس الوزراء في المادة (١) اعلاه على المحكمة اتخاذ القرار المناسب في الشكوى أو الدعوى وفق القانون ويحق لطرفى الدعوى الطعن تمييزا في القرار الصادر وفق هذا القانون بموجب قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل فيما يخص الدعاوى الجزائية و وفق احكام قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ فيما يخص الدعاوى المدنية .

**المادة/٣** : تنفذ هذه التعليمات اعتباراً من ٢٠١٣/٧/٩ .

**المادة/٤** : تنشر هذه التعليمات في جريدة وقائع كوردستان .

أحمد عبدالله زبير
رئيس مجلس القضاء لاقليم كوردستان - العراق

TARA

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء

Judicial Council

ژمارە : ٥٨
Date: ٢٠١٣ / ٨ / ٢٧

**- بڕیار -**

پشت بە حوکمی **مادده/٤** لە یاسای بەرپرسیار نەبوونی بەشداربووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان / عیراق لە ڕووی سزایی و شارستانی ژمارە (١٣) ی ساڵی **٢٠١٣** ، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگ بە دەرکردنی ئەو ڕێنماییەی خوارەوە

## ڕێنمایی ئاسانکاری جێ بە جێ کردنی یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠١٣

**مادده/١**

لەکاتی پێش کەش کردنی سکالا بۆ دادگای لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسەی کارێکی پێچەوانەی یاسای ئەنجام دابێت یاخود داوای تۆمار کردبێت لە دادگای شارستانی لە ئەنجامی توندوتیژی شۆرشگێرانەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان یان بە هۆیەوە دژ بە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق یان ئەوانەی هاوکاربوو بوون لە گەڵیدا لە پێناو بەرگریکردن لەگەل و خاکی کوردستان لە **١٩٦١/٩/١١** تاکو **١٩٩٢/٧/٤** پێویستە پێش وەرگرتنی ڕێکارەکانی یاسایی دادگا پرسیار لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بکات بۆ ڕوون کردنەوە کە ئایا کێشەکە گونجاوە لەگەڵ حوکمی مادده/١ لە یاسای ئاماژە پێ کراو یان نا .

**مادده/٢**

پاش هاتنی وەڵامی وەزارەتی ئاماژەپێ کراو کە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر کرابێت دادگا بڕیاری گونجاو دەردەکات لە کێشەکە یان داوایەکە بەپێ ی یاسا وە بۆ هەر دوولایەنی داوا هەیە تانەی یاسایی لە بڕیارەکە بدەن بەپێ ی یاسای بنەماکانی دادگەری سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی **١٩٧١** ی هەموار کراو سەبارەت بە داوایەکانی سزایی وە بەپێ ی یاسا دادگەری شارستانی ژمارە **٨٣** ی ساڵی **١٩٦٩** تایبەت بە داواکانی شارستانی .

**مادده/٣**

ئەم ڕێنماییە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕێکەوتی **٢٠١٣/٧/٩** وە .

**مادده/٤**

ئەم ڕێنماییە بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان .

*أحمد عبدالله زبير*
*سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری*